






حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێم

# ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان
# بۆ ساڵی 2020

بەشی گواستنەوە و پەیوەندییەکان

ئایار 2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020

بەشی ئاماری گواستنەوەو پەیوەندییەکان
حوزەیران 2022

©حوزەیران 2022
مافی چاپکردن پارێزراوە بۆ
وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
لە کاتی وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە بۆ هەر هۆکارێك تکایە ئاماژە بکە بە:
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2022 ،ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:
ماڵپەری ئەلیکترۆنی :www.krso.gov.krd
پۆستی ئەلیکترۆنی :contact @ krso.gov.krd
تەلەفۆن : 0662559170 / 07508963143
زنجیره :88

# ناوەڕۆك

لیستی خشتەکان ........ I
لیستی شێوەکان ........ II
پێشکەش ........ III
پێشەکی ........ 1
ئامانج ........ 2
کۆکردنەوەی داتا ........ 2
پێناسەکان ........ 3
دەرەنجامەکان ........ 4

## لیستی خشتەکان

خشتەی 1: ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگاکان ........ 5
خشتەی 2 : ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی هۆکاری ڕووداوەکە ... 6
خشتەی 3 : ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو ........ 7
خشتەی 4: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو و پارێزگا ........ 8
خشتەی 5: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی پۆلینی ڕێگا ........ 9
خشتەی 6: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ کە زیانی گیانییان هەبووە یان بە بێ زیانی گیانی بوونە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو ........ 10
خشتەی 7: ژمارەی مردووان و بریندااران بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگا ........ 11
خشتەی 8: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی باری ڕووناکی ........ 13
خشتەی 9: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی مانگ و جۆری ڕووداو لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2020 ........ 14
خشتەی 10: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی مانگ و جۆری ڕووداو لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2020 ........ 15
خشتەی 11: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی مانگ و جۆری ڕووداو لە پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2020 ........ 15
خشتەی12 : کۆی گشتی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی بە پێی مانگ و جۆر لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان ........ 16

## لیستی شێوەکان

شێوەی 1: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراووردی بە ساڵانی پێشتر...............................5
شێوەی 2 : ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگا.............6
شێوەی 3: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی هۆکاری ڕووداوەکە ....................................................................................................................................7
شێوەی 4 : ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشوو بە پێی جۆری ڕووداو...........8
شێوەی 5 : ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو و پارێزگا..............................................................................................................................9
شێوەی 6: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی پۆلینی ڕێگا......10
شێوەی 7: ڕووداوی هاتووچۆ کە زیانی گیانییان هەبووە یان بە بێ زیانی گیانی بوونە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو..........................................................................................................11
شێوەی 8: ژمارەی مردووان و برینداران بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر.........................................................................................................................................12
شێوەی 9: مردووان و برینداران بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگا ....................................................................................................................................12
شێوەی 10: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی باری ڕووناکی .14
شێوەی 11: ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی جۆری ڕووداوەکە و مانگ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020.........16

## پێشکەش

ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ یەکێکە لە ئامارە گرنگەکان کە دەستەی ئاماری هەرێم ساڵانە کاری لە سەر دەکات بۆ بە دەرخستنی قەبارە و هۆیەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان . دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان ئەم ئامارانە دەخاتە بەردەست و نیشاندەری جیا دیاری دەکات وەك ژمارە و جۆری ڕووداوەکە و شوێنی ڕووداوەکە و هەروەها ژمارەی قوربانیەکان و هۆکاری ڕووداوەکە بە هیوای سوودوەرگرتن لەم داتایە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی هاتووچۆ و کەمکردنەوەی ڕووداوەکان.

لێردا بە پێویستی دەزانین سوپاسی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بکەین بۆ هاوکارییان لە دابین کردنی داتاکان, هەروەها سوپاسی بەشی ئامارەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان لە دەستەی ئامار دەکەین بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2020.

# پێشەکی

ئامرازی گواستنەوە بە یەکێك لە دیاردە شارستانیەکان دادەنرێت لە چەندین لایەنی جۆراوجۆری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا. سەرەڕای سوودوەرگرتن لەم ئامرازە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا, بەهۆی بەرفراوانبوون لە ژمارە و جۆرەکانی ئامرازی گواستنەوە لە سەر رێگای ووشکانی, پرسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت کە بە هۆیەوە ساڵانە زیانی گیانی و ماددی لێدەکەوێت بە هۆکاری جیاوازەوە لە وانە کەمتەرخەمی لە جێ بەجێ کردنی یاسا و بنەماکانی هاتووچۆ لە لایەن شوفێرانەوە یان نەگونجاوی رێگاوبان .

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی قەبارە و جۆر و هۆکارەکانی ڕووداوی هاتووچۆ, دەستەی ئاماری هەرێم هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ئاماری ساڵانە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، سنوری ئیدارەی گە رمیان) کە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ تۆمارکراون بۆ ساڵی 2020 بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە لایەن توێژەر و بڕیاردەرانەوە لە دانانی پلان لە بواری هاتووچۆدا.

## ئامانج

دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان وەك ناوەندی فەرمی داتا و سەرچاوەی سەرەكی داتاكان, بەرپرسی یەكەمە لە دابینكردنی داتا ئامارییەكان بۆ لایەنی بەكاربەر و یەك لە ئامانجەكانی دەولەمەند كردنی دەستەی ئامارە لە ڕووی دابین كردنی داتای جۆراوجۆر. بە شێوەیەكی گشتی, هەبوونی داتای ئاماری لە شوێنكی دیار كراو وەك دەستەی ئاماری هەرێم, كارئاسانییەكە بۆ بە دەست گەیشتن بە داتای باوەرپێكراو بە شێوەیەكی خێراتر. ئامانجمانە لەم ڕاپۆرتە نیشاندەرەكانی ئاماری ڕووداوەكانی هاتووچۆ لە پارێزگاكانی هەرێم بە پێی جۆری ڕووداو, پۆلینی ڕێگاكان, هۆكارەكان, ژمارەی قوربانیان لە ئەنجامی ڕووداوەكە (مردووان و برینداربووان) بخەینە بەردەست بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە لایەن توێژەر و بڕیاردەرانەوە بۆ سوودوەرگرتن لە دانانی پلان لە بواری هاتووچۆدا بۆ پێشخستنی بواری گواستنەوە و كەم كردنەوەی زیانەكانی ڕووداوەكانی هاتووچۆ.

## كۆكردنەوەی داتا

داتا و زانیاری ڕووداوەكانی هاتووچۆ بە پێی چەند خشتەیەكی تایبەت كە لە لایەن بەشی گواستنەوە و پەیوەندییەكان لە دەستەی ئاماری هەرێم ئامادەكراوون كۆ دەكرێنەوە. داتای ڕووداوەكانی هاتووچۆ بە هاوكاری بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئامار لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان و بە هەماهەنگی لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ كۆ دەكرێنەوە. ئەم داتایە لە دەستەی ئاماری هەرێم لە بەشی گواستنەوە و پەیوەندییەكان ووردبینی دەكرێن و نیشاندەری گرنگ دەستنیشان دەكرێن و دواتر بە شێوەی خشتە و شێوەی لە ڕاپۆرتێكی ساڵانە دەخرێنەڕوو.

## پێناسەکان

**ڕێگا** : بریتیە لە شەقام, کۆڵان, هێلی ئاسنینی شەمەندەفەر یان هەر ڕێگای تر کە هاووڵاتی بەکار دێنێت بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست . دەکرێت ڕێگاکە دوور یان نزیك بێت, یەك ئاراستەی هەبێت یان دووئاراستە، سەرەکی بێت یاخود لاوەکی یان ڕێگای گوند بێت.

**هێماکانی هاتووچۆ**: بریتیە لەو هێمایانە کە لە ڕێگاکان دادەنرێت بەمەبەستی ئاگادار کردنەوە و پێدانی زانیاری بە شۆفێران بۆ ڕێکخستنی هاتووچۆ و پاراستنی سەلامەتی شۆفێران و پیادە و دەوروبەر.

**ئامرازەکانی گواستنەوە**: بریتین لە هەموو ئەو ئامرازانەی کە بە مەبەستی گواستنەوە و هاتووچۆ بەکاردەهێنرێن وەکو ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگر یان نەفەرهەڵگر (پاس، ماتۆر، پاسکیل) و هیتر بە تایبەتی لە سەر ڕێگای ووشکانی .

**ڕووداوی هاتووچۆ** :ڕووداوێکە بەبێ پلانی پێشوەخەتە ڕوودەدات لە ئەنجامی تیژی لێخۆرین یان بەرکەوتنی ئامرازی گواستنەوەی جووڵاو لە گەڵ پیادە یان ئاژەڵ یان لەگەڵ تەنێك لەسەر ڕێگای گشتی  کە لە ئەنجامدا زیانی گیانی وماددی لێ دەکەوێتەوە.

**پێکدادان**: بریتیە لە بەریەککەوتن لە نێوان دوو ئامرازی گواستنەوە یان لە نێوان ئامرازێکی گواستنەوە و تەنێکی جوڵاو (پیادە, پایسکلسوار, ئاژەڵ...) یان نەجۆڵاو (داروبەرد, دیوار, ستوونی کارەبا...)  کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیانی گیانی و ماددی.

**وەرگەڕان**: واتا لە دەستدانی هاوسەنگی ئامرازێکی گواستنەوە کە ڕووی سەرەوەی دەکەوێتە خوارەوەی (سەراوژێربوون) یان دەکەوێتە سەر تەنیشت کە لە ئەنجامدا زیانی ماددی و گیانی لێ دەکەوێتەوە.

**شێلان**: پێکدادانی ئامرازێکی گواستنەوەی جوڵاو بە تەنێکی نەرم وەکو مرۆڤ، ئاژەڵ  کە لە ئەنجامدا زیانی ماددی و گیانی لێ دەکەوێتەوە.

**هیتر**: ڕووداوی هاتووچۆ وەکۆ سووتانی ئامرازی گواستنەوە لە کاتی ڕۆیشتندا یان کەوتنە خوارەوەی لە شوێنکی بەرز یان نقووم بوون لە ڕووبار و ڕووداوی هاتووچۆی هاوشێوە دەگرێتەوە .

## دەرەنجامەکان


1. لە سالی 2020, لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, 2,413 ڕووداوی هاتووچۆ تۆمار کراوون. لە وانە, 249 ڕووداو زیانی گیانی لێکەوتەوە بە ڕێژەی 10.3% و 2,164 لەو ڕووداوانە بە بێ زیانی گیانی بووە بە ڕێژەی89.7 %.
2. تۆماری ڕووداوەکانی پێکدادان لە ساڵی 2020 گەیشتە 1,588ڕووداو بە ڕێژەی 65.8% کە بەرزترین ڕێژە بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕووداوەکانی تری هاتووچۆ. وەرگەڕان 444 بووە بەڕێژەی 18.4%، بەرکەوتنی مرۆڤ بە ئۆتۆمۆبێل 262 ڕووداو بووە بە ڕێژەی 10.9%، و هیتر 119 ڕووداو بووە بە ڕێژەی 4.9 %.
3. ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ساڵی 2020 دا 4,706 کەس بووە کە بۆتە هۆی گیانلەدەستدانی 371 کەس و 7.9%ی ڕووداوەکانی پێکهێناوە, و ژمارەی بریندااران 4,335 کەس بووە و 92.1%ی ڕووداوەکانی هاتووچۆی پێکهێناوە.
4. ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەری دەخەن کە زۆرترین هۆیەکانی ڕووداوی هاتووچۆ بە هۆی شوفێرەوە بووە کە دەکاتە 2,125 ڕووداو بە ڕێژەی 88.1%، و ئەوانەی بەهۆی ئۆتۆمۆبێل بووە ژمارەیان 17 ڕووداو بووە بە ڕێژەی0.7 %، بەهۆی ڕێگاوبان 15 ڕووداوی لێکەوتەوە بە ڕێژەی 0.6%، بەهۆی سەرنشینەکان 139 ڕووداو بووە بە ڕێژەی 5.8%، بەهۆی پیادەوە 109 ڕووداو بووە بە ڕێژەی 4.5%، و بەهۆیەکانی تر 8 ڕووداوی لێکەوتەوە بە ڕێژەی 0.3% .
5. ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان کە بە پێی مانگەکان تۆمار کراون بەم شێوەیە بووە کە زۆرترین ڕووداو لە مانگی کانوونی دووەم تۆمار کراوون و ژمارەیان 302 بووە بە ڕێژەی 12.5%, پاشان مانگی شوبات دێت بە 274 ڕووداو بە ڕێژەی 11.4%,  مانگی تشریتی یەکەم 265 ڕووداوی تۆمار کردووە بە ڕێژەی 11%, و کۆی ڕووداوەکان بۆ مانگەکانی تر 1572 ڕووداو بووە بەڕێژەی 65.1%.
6. بە پێی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە, دەرکەوتووە کە لە شاری هەولێر ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ گەیشتووتە 748 ڕووداو بەڕێژەی 31%، پارێزگای سلێمانی 1,019 ڕووداو ی هاتووچۆی هەبووە بە ڕێژەی42.2 % کە بەرزترین ڕێژە بووە لە هەرێمی کوردستان بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر. پارێزگای دهۆك 646 ڕووداوی تۆمار کردووە بەڕێژەی 26.8% لە کۆی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.
7. ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ساڵی 2020 نزمبوونەوە پێشان دەدات بە بەراوورد بە ساڵانی 2018 (46.1%), 2017 (39.0%) و 2016 (40.3%).

**تێبینی**: لەم ڕاپۆرتەدا, بە هۆی دەستنەگەیشتن بە داتای دروست لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2020, ژمارەی رووداوەکانی هاتووچۆ لە ئیدارەی گەرمیان دیاریی نەکراوە .


خشتەی 1: ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگاکان

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 748 | 1,019 | 646 | / | 2,413 |
| 2018 | 1,333 | 1,729 | 1,091 | 323 | 4,476 |
| 2017 | 1,354 | 1,184 | 1,152 | 268 | 3,958 |
| 2016 | 1,439 | 1,234 | 1,177 | 190 | 4,040 |

شێوەی 1: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراووردی بە ساڵانی پێشتر




شێوەی 2 : ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگا




خشتەی 2 : ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی هۆکاری ڕووداوەکە

| ساڵ | ڕێگا | ئۆتۆمۆبێل | شوفێر | پیادە | سەرنشین | هیتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 15 | 17 | 2,125 | 109 | 139 | 8 | 2,413 |
| 2018 | 90 | 332 | 3,944 | 0 | 80 | 30 | 4,476 |
| 2017 | 106 | 127 | 3,367 | 315 | 43 | 0 | 3,958 |
| 2016 | 54 | 1,302 | 2,206 | 420 | 40 | 18 | 4,040 |


شێوەی 3: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی هۆکاری ڕووداوەکە




خشتەی 3 : ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو

| ساڵ | پێکدادان | وەرگەڕان | بە مرۆڤ | هیتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | 1,588 | 444 | 262 | 119 | 2,413 |
| 2018 | 2,707 | 714 | 1,001 | 54 | 4,476 |
| 2017 | 2,389 | 729 | 652 | 188 | 3,958 |
| 2016 | 2,509 | 801 | 515 | 215 | 4,040 |


شێوەی 4 : ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشوو بە پێی جۆری ڕووداو




خشتەی 4: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو و پارێزگا

| ساڵ | پارێزگا | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | هەولێر | 526 | 108 | 106 | 8 | 748 |
| | سلێمانی | 590 | 230 | 92 | 107 | 1019 |
| | دهۆك | 472 | 106 | 64 | 4 | 646 |
| | کۆی گشتی | 1,588 | 444 | 262 | 119 | 2,413 |
| 2018 | هەولێر | 789 | 199 | 315 | 30 | 1,333 |
| | سلێمانی | 1,006 | 352 | 362 | 9 | 1,729 |
| | دهۆك | 727 | 118 | 240 | 6 | 1,091 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 185 | 45 | 84 | 9 | 323 |
| | کۆی گشتی | 2,707 | 714 | 1,001 | 54 | 4,476 |
| 2017 | هەولێر | 821 | 222 | 297 | 14 | 1,354 |
| | سلێمانی | 643 | 284 | 103 | 154 | 1,184 |
| | دهۆك | 772 | 165 | 210 | 5 | 1,152 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 153 | 58 | 42 | 15 | 268 |
| | کۆی گشتی | 2,389 | 729 | 652 | 188 | 3,958 |
| 2016 | هەولێر | 884 | 261 | 277 | 17 | 1,439 |
| | سلێمانی | 647 | 312 | 92 | 183 | 1,234 |
| | دهۆك | 866 | 187 | 119 | 5 | 1,177 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 112 | 41 | 27 | 10 | 190 |
| | کۆی گشتی | 2,509 | 801 | 515 | 215 | 4,040 |


شێوەی 5 : ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو و پارێزگا




خشتەی 5: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی پۆلینی ڕێگا

| ساڵ | پۆلینی ڕێگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 2020 | سەرەکی | 2,220 |
| | لاوەکی | 152 |
| | گوندی | 41 |
| | کۆی گشتی | 2,413 |
| 2018 | سەرەکی | 2,461 |
| | لاوەکی | 1,763 |
| | گوندی | 252 |
| | کۆی گشتی | 4,476 |
| 2017 | سەرەکی | 3,174 |
| | لاوەکی | 493 |
| | گوندی | 291 |
| | کۆی گشتی | 3,958 |
| 2016 | سەرەکی | 3,517 |
| | لاوەکی | 338 |
| | گوندی | 185 |
| | کۆی گشتی | 4,040 |


شێوەی 6: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی پۆلینی ڕێگا




خشتەی 6: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ کە زیانی گیانییان هەبووە یان بەبێ زیانی گیانی بوونە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو

| ساڵ | زیانی گیانی | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2020 | مردن | 125 | 59 | 61 | 4 | 249 |
| | بێ مردن | 1,463 | 385 | 201 | 115 | 2,164 |
| | کۆی گشتی | 1,588 | 444 | 262 | 119 | 2,413 |
| 2018 | مردن | 248 | 121 | 198 | 2 | 569 |
| | بێ مردن | 2,425 | 697 | 733 | 52 | 3,907 |
| | کۆی گشتی | 2,673 | 818 | 931 | 54 | 4,476 |
| 2017 | مردن | 207 | 134 | 129 | 13 | 483 |
| | بێ مردن | 2,182 | 595 | 523 | 175 | 3,475 |
| | کۆی گشتی | 2,389 | 729 | 652 | 188 | 3,958 |
| 2016 | مردن | 258 | 122 | 125 | 6 | 511 |
| | بێ مردن | 2,251 | 679 | 390 | 209 | 3,529 |
| | کۆی گشتی | 2,509 | 801 | 515 | 215 | 4,040 |


شێوەی 7: ڕووداوی هاتووچۆ کە زیانی گیانییان هەبووە یان بەبێ زیانی گیانی بوونە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی جۆری ڕووداو





خشتەی 7: ژمارەی مردووان و بریندارا بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگا

| ساڵ | پارێزگا | مردووان | برینداران |
|---|---|---|---|
| 2020 | هەولێر | 120 | 715 |
| | سلێمانی | 193 | 2,984 |
| | دهۆک | 58 | 636 |
| | کۆی گشتی | 371 | 4,335 |
| 2018 | هەولێر | 273 | 1,442 |
| | سلێمانی | 266 | 2,277 |
| | دهۆک | 117 | 1,071 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 49 | 384 |
| | کۆی گشتی | 705 | 5,174 |
| 2017 | هەولێر | 219 | 1,437 |
| | سلێمانی | 218 | 3,193 |
| | دهۆک | 145 | 1,658 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 48 | 372 |
| | کۆی گشتی | 630 | 6,660 |
| 2016 | هەولێر | 242 | 1,483 |
| | سلێمانی | 206 | 2,786 |
| | دهۆک | 205 | 4,003 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 32 | 306 |
| | کۆی گشتی | 685 | 8,578 |

شێوەی 8: ژمارەی مردووان و بریندارا‌ن بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر




شێوەی 9: مردووان و بریندارا‌ن بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی پارێزگا




خشتەی 8: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 و ساڵانی پێشتر بە پێی باری ڕووناکی

| ساڵ | باری ڕووناکی | ژمارە |
|---|---|---|
| 2020 | ڕۆژهەڵاتن | 78 |
| | ڕۆژئاوابوون | 135 |
| | ڕۆژ | 676 |
| | شەو | 505 |
| | کۆی گشتی | 1,394 |
| 2018 | ڕۆژهەڵاتن | 175 |
| | ڕۆژئاوابوون | 182 |
| | ڕۆژ | 2,680 |
| | شەو | 1,439 |
| | کۆی گشتی | 4,476 |
| 2017 | ڕۆژهەڵاتن | 256 |
| | ڕۆژئاوابوون | 129 |
| | ڕۆژ | 2,305 |
| | شەو | 1,268 |
| | کۆی گشتی | 3,958 |
| 2016 | ڕۆژهەڵاتن | 172 |
| | ڕۆژئاوابوون | 114 |
| | ڕۆژ | 2,408 |
| | شەو | 1,346 |
| | کۆی گشتی | 4,040 |

تێبینی: بەهۆی نەبوونی داتا ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی باری ڕووناکی بۆ ساڵی 2020لە پارێزگای سلێمانی دیاری نەکراوە.

شێوەی 10: ڕووداوی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بە پێی باری ڕووناکی




خشتەی 9: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی مانگ و جۆری ڕووداو لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2020

| مانگ | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 63 | 11 | 24 | 0 | 98 |
| شوبات | 67 | 12 | 10 | 2 | 91 |
| ئادار | 39 | 4 | 12 | 0 | 55 |
| نیسان | 20 | 13 | 6 | 1 | 40 |
| ئایار | 42 | 10 | 12 | 0 | 64 |
| حوزیران | 45 | 14 | 18 | 0 | 77 |
| تەمموز | 41 | 5 | 14 | 1 | 61 |
| ئاب | 33 | 5 | 3 | 0 | 41 |
| ئەیلول | 46 | 5 | 1 | 1 | 53 |
| تشرینی یەکەم | 55 | 15 | 2 | 1 | 73 |
| تشرینی دووەم | 41 | 6 | 3 | 2 | 52 |
| کانوونی یەکەم | 34 | 8 | 1 | 0 | 43 |
| کۆی گشتی | 526 | 108 | 106 | 8 | 748 |

خشتەی 10: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی مانگ و جۆری ڕووداو لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2020

| مانگ | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 65 | 29 | 12 | 16 | 122 |
| شوبات | 51 | 29 | 7 | 17 | 104 |
| ئادار | 27 | 14 | 4 | 7 | 52 |
| نیسان | 28 | 8 | 9 | 5 | 50 |
| ئایار | 30 | 18 | 10 | 6 | 64 |
| حوزیران | 34 | 7 | 3 | 5 | 49 |
| تەمموز | 39 | 16 | 10 | 10 | 75 |
| ئاب | 71 | 25 | 3 | 10 | 109 |
| ئەیلول | 60 | 31 | 8 | 6 | 105 |
| تشرینی یەکەم | 85 | 22 | 10 | 10 | 127 |
| تشرینی دووەم | 67 | 19 | 8 | 8 | 102 |
| کانوونی یەکەم | 33 | 12 | 8 | 7 | 60 |
| کۆی گشتی | 590 | 230 | 92 | 107 | 1,019 |


خشتەی 11: ژمارەی ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی مانگ و جۆری ڕووداو لە پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2020

| مانگ | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 51 | 18 | 13 | 0 | 82 |
| شوبات | 53 | 12 | 14 | 0 | 79 |
| ئادار | 21 | 7 | 3 | 0 | 31 |
| نیسان | 6 | 6 | / | 0 | 12 |
| ئایار | 23 | 8 | 4 | 1 | 36 |
| حوزیران | 34 | 6 | 1 | 0 | 41 |
| تەمموز | 42 | 11 | 6 | 0 | 59 |
| ئاب | 50 | 4 | 1 | 0 | 55 |
| ئەیلول | 47 | 7 | 3 | 0 | 57 |
| تشرینی یەکەم | 50 | 8 | 6 | 1 | 65 |
| تشرینی دووەم | 52 | 11 | 5 | 0 | 68 |
| کانوونی یەکەم | 43 | 8 | 8 | 2 | 61 |
| کۆی گشتی | 472 | 106 | 64 | 4 | 646 |

خشتەی12 : کۆی گشتی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی بە پێی مانگ و جۆر لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان

| مانگ | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 179 | 58 | 49 | 16 | 302 |
| شوبات | 171 | 53 | 31 | 19 | 274 |
| ئادار | 87 | 25 | 19 | 7 | 138 |
| نیسان | 54 | 27 | 15 | 6 | 102 |
| ئایار | 95 | 36 | 26 | 7 | 164 |
| حوزیران | 113 | 27 | 22 | 5 | 167 |
| تەمموز | 122 | 32 | 30 | 11 | 195 |
| ئاب | 154 | 34 | 7 | 10 | 205 |
| ئەیلول | 153 | 43 | 12 | 7 | 215 |
| تشرینی یەکەم | 190 | 45 | 18 | 12 | 265 |
| تشرینی دووەم | 160 | 36 | 16 | 10 | 222 |
| کانوونی یەکەم | 110 | 28 | 17 | 9 | 164 |
| کۆی گشتی | 1,588 | 58 | 262 | 119 | 2,413 |

شێوەی 11: ڕووداوی هاتووچۆ بە پێی جۆری ڕووداوەکە و مانگ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020



وەزارەتی پلاندانان / دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.gov.krd